## چۆپی:

# کۆپی کردن زیندە بەچاڵکردنی هونەری کوردییە
# زۆر لە سەرمایەدارانی کورد پێشنیاریان کرد یارمەتی مادديم بدەن

**سەرەڕای ئەوەی هێشتا قوتابییە، خانمەگۆرانیبێژی کورد چۆپی توانی بوونی خۆی بسەلمێنێ لە نێو گۆرانیبێژە کوردەکان بەتایبەتی دوای پێشکەشکردنی بەرهەمی یەکەم (چیت ناوبنێم) و سەردانەکەی بۆ کوردستان، ماوەیەکە چۆپی خۆی ئامادە دەکات بۆ بڵاوکردنەوەی دووەم بەرهەمی خۆی کە بەم نزیکانە بڵاودەبێتەوە و ژمارەیەک گۆرانی نوێ بە هەردوو شێوەزاری سۆرانی و کرمانجی، بۆ باس کردن لە بەرهەمە نوێیەکە و چەند پرسێکی دیکە بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا ساز بکەین.**

**دیدار: خەلیل بلەیی**
**فۆتۆ: کەمال ئاکرەیی**

*** بەرهەمی نوێی چۆپی بەناوی چییە و**
*** بەرهەمی نوێی چۆپی بەناوی چییە و کارەکانی بە چی گەیشتن،. دەمێکە قسەی زۆر دەربارەی دەکرێت، ئایا هۆکارەکانی دواکەوتنی چین؟**

- دەربارەی ناوی ئەم بەرهەمەم ناوم لێ ناوە (ناوت ئەنێم ژینۆ) ئەمە وەڵام دانەوەیەکە بۆ ناوی بەرهەمی پێشووم کە ناوی (چیت ناو بنێم)بوو، سەرگوزشتەی ئەوەش لەوەوە سەری هەڵداوە کە ژیانی نوێی من دەستی پێکرد و ئەو ژیانەش ژیانێکی نوێیە، لەگەڵ هاوسەرەکەمدا کە زۆرم خۆش دەوێت.

کارەکانی بەرهەمەکەم، هەمووی تەواوبوون تەنیا بڵاوکردنەوەی ماوە، دەربارەی دواکەوتنی کارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کاری هونەری کارێکی دەستەییە و بە تەنیا بە من ناکرێت، بۆیە هۆی دواکەوتنی دەگەڕێتەوە ئەستۆی هەموو بەشداران لەو بەرهەمە کە من یەکێکم لەو دەستەیە.

*** وەک دەزانین خەرجی بەرهەمی یەکەمت لە ئەستۆی خۆت بوو و ماوەیەکیش کاری گوڵ چنینت کرد تا کارەکانی تەواو بوون، ئایا لەم بەرهەمە نوێیەدا کەس یارمەتی داوی؟**

ئەو پێشنیارەیان کردووە کە یارمەتی مادديم بدەن بۆ بەرهەمهێنانی ئەو بەرهەمە، بەڵام من تا ئێستا یارمەتیم لە هیچ سەرمایەدارێک وەرنەگرتووە و ئەو کۆنسێرت و ئاهەنگانەی کە دەیکەم، دەتوانم بەکاریان بێنم بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانم.



*** لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٥ سەردانی کوردستانت کرد و جگە لە ئاهەنگی سەری ساڵ چەند کۆنسیرتێکت ئەنجامدا، ئەو سەردانە لە ڕووی هونەرییەوە چ خزمەتێکی بە چۆپی گەیاند؟**

- کاتێک کە بانگهێشت کرامەوە بۆ کوردستان لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٤ لە ڕێگەی وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە، کارتێکردنێکی زۆر میدیای هەولێر و بە جۆش و خرۆشێکی یەکجار زۆرەوە پێشوازییان لە هونەرەکەم کرد، بەتایبەت دوای ئەوەی کە هاتمە سەر شانۆی هۆڵی میدیا، هۆڵەکە پڕ بوو لە جەماوەر و سێ هێندەی تریش لە دەرەوە چاوەڕێی هاتنە ژوورەوەیان دەکرد من خۆم گریانم دەهات، لە دڵی خۆمدا دەمگوت بەڕاستی گەلێکی هونەرپەروەرمان هەیە.

کاتێک کە چوومە سەر شانۆ، لەناو حەماسی جەماوەردا خۆم ون کرد و ترسام کە نەتوانم کۆنسێرتەکە ببەم بەڕێوە و لەگەڵ هاوارکردنی جەماوەردا دەستم کرد بە گریان. تا هونەرمەندی بەڕێز کاک چەتۆ نەورۆز سەرۆکی گرووپی مۆزیک کە ٢٢ مۆسیقاژەن بوون هات بۆ لام لەسەر شانۆ و پرسی: چۆپی دەتوانیت بەردەوام بیت؟.

**بەرهەمی داهاتووم وەڵامدانەوەی بەرهەمی یەکەممە**

# ئەم بەرهەمە نزیکەی ٧٠ هەزار دۆلاری تێدەچێت

لە وەڵامدا بە ترسەوە پێم گوت بەڵێ.
بەڵام بەڕاستی بچووکی هۆڵی میدیا، گرفتێکی گەورە بوو بۆ من، زۆر داوای لێبوردن لەو جەماوەرە دەکەم کە نەیانتوانی بێنە ژوورەوە لەبەر بچووکی هۆڵەکە.

*** هونەرمەندان هەمیشە گلەیی ئەوە دەکەن کە بەرهەمەکانیان کۆپی دەکرێت و هیچ حیسابێک بۆ ماندووبوونی ئەوان ناکرێت، لە هەمان کاتدا بێ ڕێزی دەکرێت بەرامبەر بە هونەری کوردی تۆ لەم بارەیەوە چی دەڵێی؟**

- من لە ١٠٠٪ لەگەڵ ڕای هونەرمەنداندام، هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو گرفتە ناکات.
ئێستا بۆ نموونە ئەم بەرهەمەی من زیاتر لە بیست و هەشت هەزار دۆلار خەرجی تێچووە و بۆ بڵاوکردنەوەیشی چل هەزار دۆلاری تری پێویستە.
لە هەموو وڵاتێ سەیری بەرهەمی هونەری وەکو مڵک دەکرێت، چۆن خانوویەک دروست دەکەیت و تاپۆکەی بەناوی خۆتەوە دەبێت، ئەمەش هەر وایە دەبێت مافی هونەرمەندان بپارێزرێت و ڕێگە نەدرێت بە چەند بازرگانێک، لە ناو بازاڕێکی بێ کۆنترۆڵدا بازرگانی لەسەر گیرفانی تەنکی هونەرمەندان بکەن.
ئەوە زیندە بەچاڵکردنی هونەری کوردییە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بۆیە داوا لە دەسەڵاتی کوردی دەکەم هەرچی زووە ڕێگەچارەیەک بۆ ئەو گرفتە بدۆزنەوە.

## بەبێ هونەر ژیانی من هیچ واتایەکی نییە

*** هەندێک لە هونەرمەندان هەڕەشەی ئەوە دەکەن ئەگەر بەرهەمەکانیان هەر کۆپی بکرێت ئەوا لەوانەیە واز لە هونەربهێنن، تۆش هەمان ڕات هەیە؟**

- نەخێر، من پێش ئەوەی بڵێم خزمەت بە هونەری کوردی دەکەم، هەر دەم وتوومە ئەوە ئارەزوویەکی منە و بەبێ هونەر ژیان واتایەکی نییە لای من، بۆیە من بەردەوام دەبم و ئومێدیشم وایە کە ئەو گرفتانەش چارەسەری بۆ دەدۆزرێتەوە، ئەو کەسەش کە دەستپێشخەری دەکات لە چارەسەرکردنی ئەو گرفتە دڵنیام دەچێتە نێو مێژووی هونەری کوردییەوە، تا ئێستاش کە چارەنەکراوە، گرنگی نەدانە بە هونەر.



*** دوای مارەبڕینت لە یەکێک لە گۆڤارەکان بڵاوکرایەوە گوایە چۆپی لەم هەنگاوە پەشیمانە ئایا ئەمە تا چەند ڕاستە؟**

- هەندێک جار پرسیارم بۆ دێت بۆ دیمانە لە هەندێک پەیامنێرەوە، هەست دەکەم نەک هەر پەیامنێر نییە، بەڵکو هەست دەکەم هەر خوێندەواری نییە.
ڕاستە شتێکی ئاوا بڵاوکرایەوە لە یەکێک لە گۆڤارەکاندا و ئێمە قسەمان لەگەڵ سەرنووسەری ئەو گۆڤارەدا کرد کەچی هیچ وەڵامێکی نەبوو بۆ ئێمە، هەرچەندە بەڵێنی بە ئێمەدا کە دوای بابەتەکە بکەوێت.
دەسگیرانەکەم ناوی نامۆیە و نێوانمان زۆر باشە و بە دڵی خۆم هەڵمبژاردووە، بۆیە ئێستا وەڵامی هەموو دیمانەیەک نادەینەوە، گەر پەیامنێرەکەی دیار نەبێت و دڵنیامان نەکەن کە دیمانەکە بە ئەمانەتەوە بڵاودەکاتەوە.
ئەو شێوە دیمانانەش کە بەو شێوەیە بڵاودەکرێتەوە و بوختان بە هونەرمەندان دەکەن، بەبێ هیچ بناغەیەک، مەبەستیان ئەوەیە بازاڕی گۆڤار و ڕۆژنامەکەیان گەرم کەن، بەڵام لەوە تێناگەن کە ڕاستگۆیی خۆیان لە دەست دەدەن لای خوێنەر.
لێرە ڕۆژنامەنووس دەبێت دانیشگا تەواو بکات و شارەزایەکی تەواوی هەبێت لە سیاسەت و ئەدەبیات و زۆر شتی تر، بەداخەوە لای ئێمە هەر یەکێک دەستی قەڵەم بگرێت خۆی بە ڕۆژنامەنووس دەزانێ.

*** بەر لە ئێستا گۆرانییەکی هاوبەشت لەگەڵ کاروان کامل پێشکەش کرد کە سەرکەوتنێکی باشی بەدەستهێنا، بە نیاز نیت دووبارەی بکەیتەوە لەگەڵ کاروان یان هەر هونەرمەندێکی دیکە؟**

- گەر ئاواز و تێکستێکی باش بێت پێم باشە دووبارەی بکەمەوە، لەگەڵ هونەرمەند کاک کاروان بێت، یان هونەرمەندێکی تر، ناشمەوێت گۆرانی لەو بابەتەم زۆر بێت، پێم وایە هەر سێ و چوار ساڵ جارێک یەک گۆرانی بڵێیت بەسە.